**تۆنی ئەدامز یەکێکە لە یاریزانە بەهێزەکانی هێڵی بەرگری ئەرسناڵ و هەڵبژاردەی پێشووی ئینگلتەرە و هاوکاری وڵاتەکەی کردووە بۆ گەیشتن بۆ قۆناغی پێش کۆتایی یۆرۆی ١٩٩٦ و لەگەڵ یانەی ئەرسناڵیش چەندین نازناوی گرنگی لەسەر ئاستی ناوەخۆ و دەرەکی وەرگرتووە، ئەم یاریزانە لە سەرەتاوە لە قۆناغی تەمەنەکانی یانەی ئەرسناڵ یاریکردووە تا گەیشتۆتە تیپی یەکەم، ئەم یاریزانە قوتابی زانکۆ بوو بە بەردەوامی سەفەری دەرەوەی دەکرد بۆ ئەوەی شارەزاییەکی تەواوی لەسەر یاریزانان و راهێنەران هەبێت و ئامادەیی مەشقەکانی یانەکان دەبوو دواتر رووی کردە بواری راهێنەرایەتی سەرەتا لە یانەی لاوانی بۆرتسمۆس دەستی پێکرد و خاوەن کەسایەتیەکی بەهێزیش بوو، گۆڤاری سوپەر ئەم دیمانەیی لەگەڵ سازدا و لەبەر گرنگی و ئاشنا بوو بە دوا کارەکانی ئەم دیمانەیەمان بۆ خوێنەرانی گۆڤارەکەمان بڵاودەکەینەوە.**



## تۆنی ئەدامز :

# خەون بە راهێنەرایەتی ئەرسناڵ دەبینم

*** ئێستا باری دەروونیت باشە و دوای دەرچوونت لە یانەی بۆرتسمۆس چی دەکەی؟**

- من زۆر باشم و کاری سەرەکیم گەڕان بە دوای یاریزانی بە توانایە و کاتی خۆم بۆ تۆپی پێی تەرخان دەکەم و چاوەڕوانی کات و یانەیەکی باش دەکەم و ئێستاش لە لووتکەی حەسانەوەدام.

*** ئێستاش وای بۆ دەچیت کە دوا رۆژت پەیوەستە بە کارگێڕی و راهێنەرایەتی؟**

- بە تەئکید، زۆر بۆندم لە زۆر یانە بۆ هاتووە و گرنگ ئەوەیە یانەیەکی بەرای خۆم هەڵبژێرم واشی بۆ دەچم کاری داهاتووم لە دەرەوەی ئینگلتەرە بێت و بزانین کار بۆ کوێ دەگات و هیچ کێشەیەك لە ئارادا نییە و کاتێکی خۆشم لە هۆڵەندە بەسەر برد و دەمەوێ زیاتر فێری خوێندن بم.

*** هەستت بە چی کرد کە یانەی بۆرتسمۆس دەستبەرداری تۆ بوو سەرەڕای ئەوەی یانەکە بە دۆخێکی خەراپ دەچوو؟**

- زۆر شت هەبوو لە نێوەوە و دەرەوەی یاریگا رووی دەدا و ئەوەش گشتیان دەیانزانی، بەڵام

کارێکی ئاسان نەبوو زۆر شت لە ژێر دەستی ڕاهێنەر هاری ریدناب فێربووم و شتێکی زۆر گرنگە هەندێ ئەزموون لای فێربووم و ئێستاش سوودی لێوەردەگرم، هەلی زۆرم بۆ نەرەخسا و پارەش نەبوو وا چاوەڕوانیش نەبوو دەربکرێم ڕاستە ئەنجامەکانم باش نەبوو و یانەکەمان بە بارێکی زۆر خەراپ دەڕۆیشت و یاریزانەکانمان پێکانیان زۆر بوو، من داوای لێبوردنم نەکرد یانەکەمان زۆر کێشەی گەورەی هەبوو، بەراستی پێویستیان بە پارەیەکی زۆر هەیە هیوادارم بۆیان دابین بکرێ و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم.

*** باشتر وایە باس لە هەڵبژاردەی ئینگلتەرە بکەین و چۆن ئەم هەڵبژاردەیە هەڵدەسەنگێنیت؟**

- بە تەئکید کار بە شێوەیەکی ڕاست و دروست بەڕێوە دەچێت و ئاستمان لە مۆندیال لە هەشت هەڵبژاردەی پێشەنگ دەبێت و لەوانەش بگەینە کۆتایی و نازناوەکەش ببەیتەوە گەر هاتوو چانس یاوەرمان بوو بە تایبەتی لە لێدانی یەکلاکەرەوەکانی سزا، بە بۆچوونی من هەر هەڵبژاردەیەك بگاتە قۆناغی هەشتەم پاڵێوراو دەبێت بۆ بردنی نازناوەکە، سەرەتا گرنگ ئەوەیە لە قۆناغی یەکەم سەرکەوتن و دواتر لە ڕێڕەوەکە بەردەوام بین.

*** چ جیاوازییەك لە نێوان هەڵبژاردەی فابیۆ کابیلۆ و هەڵبژاردەی ئێوە لە یۆرۆی ١٩٩٦ بە سەرۆکایەتی تیری فینابلز بەدی دەکرێ؟**

- زۆر گرانە جیاوازی لە نێوان ئەم دوو کاتە بکرێ، بەڵام هەڵبژاردەی ئێستا زۆر باشە و سەرسامم بەو پێشکەوتنەی کە لە ژێر دەستی کابیلۆ بە دەست هاتووە.

*** چ نهێنییەك لە بردنەوەی یارییەکانی مۆندیال هەیە؟**

- دەبێ وەکو تاك یان کۆمەڵ بیری لە یاری بکەینەوە و بە سەربەستی دروستکردنی هەلی باش کاربکەین و دەبێ ئاگاشمان لە بەرگریکردن هەبێت و ئێمە دەتوانین ئەمانە بکەین ئەویش بە بوونی هەردوو یاریزانی بە توانا واین ڕۆنی و ستیڤین جیرارد کە لە یاریزانەکانی دیکە باشترن و دەتوانن جیاوازی دروست بکەن و لە توانیاندا هەیە هانی یاریزانەکانی دیکە بدەن.

*** سەرەڕای سەرکەوتنی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە هەندێ کەس گلەیی لێدەکەن لەوانە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی کرواتیا سلافین بیلیتش کە دەڵێ کابیلۆ شێوازی یاریکردنی ئینگلیزی وونکردووە، تۆ چی دەڵێی؟**

- ئێستا پێڵاوی ئیتاڵیا لە پێمان دەکەین، بۆیە حەز دەکەم هەر ئێستا بچمە ڕیزی ئەو هەڵبژاردەیە، یاریزانانی ئینگلیزی بەروحێکی ئینگلیزی یاری دەکەن، دەبێ ئێمە بیرو هۆش بەکاربهێنین و بە دڵ یاری بکەین ئینجا هەر کەسێك پێشڕەومان بێت.

*** ئینگلتەرە چی پێویستە بۆ بە دەستهێنانی مۆندیال؟**

- تەرکیز کردن کلیلی سەرکەوتنە و دەتوانین لەو شەڕە سەرکەوتن بە دەست بهێنین، دەبێ ئێمە لە هێڵی بەرگری باش بین، لە هێرشبەرش بە بوونی هەردوو ئەستێرە ڕۆنی و جیرارد کە دەتوانن لە هەموو کاتێکدا تۆپ ئاراستەی گۆڵ بکەن.

*** حەز دەکەی ببیتە خاوەنی ناوەندێکی نیشتمانی پێشکەوتوو بۆ یارمەتی دانی و بەرەو پێش چوونی یاریزانی ئینگلیزی؟**

- پاڵپشتی لە بیرۆکەی کردنەوەی ناوەندی نیشتمانی دەکەم و پێویستیمان پێ هەیە، تازەپێگەیشتووان ڕۆژانی چوارشەممە و هەینی دەچنە ئەرسناڵ و لەوانەشە پێنج شەممان بچنە ئەو ناوەندە و دەتوانین زۆر لە ڕاهێنەرایەنی خۆمان بۆ ئەو ناوەندە بانگهێشت بکەین و پێگەیەکی بەهێز دروست بکەین بۆ ڕاهێنان، لە ئەڵمانیا (٥٠٠٠) مۆڵەتی ڕاهێنەرایەتی هەیە و لە لای ئێمەش تەنیا (٨٠٠) مۆڵەت هەیە.

*** چی دەڵێت سەبارەت بە بڕیاری فیفا کە ڕێگا بە یاریزان نادات کە تەمەنی لە (١٨) ساڵ کەمتر بێت لە دەرەوەی وڵاتی خۆی یاری بکات؟**

- ئەم هەوڵە ماوەیەکە بەردەوامە و نازانم چ کێشەیەك دروست دەکات من تەمەنم (١٦) ساڵە دەمەوێ لە یانەیەکی دەرەوەی وڵاتی خۆم یاری بکەم بۆ دەبنە ڕێگر و خەڵك مافی خۆیەتی لە هەر شوێنێك یاری بکات کە خۆی دەیەوێ.

*** با تۆزێك بگەڕێینەوە دواوە و باسی یانەی کۆنت ئەرسناڵ بکەین، ئایا خۆشحاڵیت بەو ئاستەی لە سەرەتای وەرزی ئەمساڵ نیشانداوە؟**

- من بە بەردەوامی خۆشحاڵم بە ئاستی ئەرسناڵ و ڕاهێنەر ئارسن ڤینگەر کە بڕوایەکی زۆری بە یاریزانەکانی هەیە و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم، بەڵام نیگەران دەبم کە بەشداری لە پاڵەوانیەتیە گەورەکان دەکات و چانس یاوەریان نابێت.

*** چی دەڵێی دەربارەی فرۆشتنی ئەدیبایۆر؟**

- دەبێت یانە بەردەوام بێت و نابێش لەسەر یاریزانێك بوەستێ، ئەدیبایۆر حەزی دەکرد بڕوات و نابێش ئەرسناڵ ببێتە ڕێگر کە یاریزانێك حەز ناکات یاری بۆ بکات و لە بڕی گواستنەوەی پارەیەکی زۆرمان وەرگرت و دەبێ سوود لەو پارەیە وەربگرین بۆ کڕینی یاریزان، بە بیرمە ئەو کاتەی لە فینۆرد بووم بە نیاز بووم بچمە لیۆن کەچی دواتر منیان بینی لە یانەی مۆناکۆ یاری دەکەم، ئەدیبایۆر لە باڵەکان یاری دەکرد و دووساڵ ئاستێکی بەرزی لەگەڵ ئەرسناڵ نیشاندا و کە کاتی ڕۆیشتنی هات بڕیاریدا ئەرسناڵ جێبهێڵی و ئێستاش دەبێ بیر لە جێگرەوەی ئەدیبایۆر بکەینەوە.

*** مانای ئەوەیە هێشتا ئەرسناڵت خۆش دەوێ ئایا خەون بەوە نابینیت ڕۆژێك لە ڕۆژان ببێتە ڕاهێنەری ئەو یانەیە؟**

- بەڵێ، بە بەردەوامی خەون بەو کارە دەبینم و ئەمەش سێ وە یان چوار ساڵی دیکە ڕوودەدات و من گەشبینم بە دوا ڕۆژی ئەرسناڵ و کێ هەیە حەز نەکات ببێتە ڕاهێنەری ئەرسناڵ.

**ناسنامەی یاریزان**

ناوی تۆنی ئەلکسەندەر ئەدامزە و لە (١٠-١٠-١٩٦٦) لە ڕومفوردی لەندەنی لە دایکبووە و یاریزانی هێڵی بەرگری پێشوو بووە و لە ساڵەکانی (١٩٨٣) تا (٢٠٠٢) بۆ یانەی ئەرسناڵ یاریکردووە و (٦٦) یاری لە ڕیزی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە کردووە و (٥) گۆڵیشی تۆمارکردووە و ڕاهێنەری یانەی ویکۆمی لە ساڵەکانی (٢٠٠٣-٢٠٠٤) و یانەی بۆرتسمۆس لە ساڵەکانی (٢٠٠٨-٢٠٠٩) بووە و وەکو یاریزان چەندین نازناوی بردۆتەوە لەوانە خولی ئینگلیزی چوار جار لە ساڵەکانی (٨٨-٨٩) (٩٠-٩١) (٩٧-٩٨) (٢٠٠١-٢٠٠٢) و جامی ئینگلتەرە (٣) جار لە ساڵەکانی (٩٢-٩٣) (٩٧-٩٨) (٢٠٠١-٢٠٠٢) و جامی یەکگرتووی پیشەگری (٢) جار لە ساڵەکانی (٨٦-٨٧) (٩٢-٩٣) و جامی یانەکانی ئەوروپا لە ساڵی (٩٣-٩٤) و جامی قەڵغانی خێرخوازی (٣) جار لە ساڵەکانی (٩١-٩٨-٩٩) و لە ساڵی ١٩٨٧ نازناوی باشترین یاریزانی لاوی وەرگرت و باشترین یاریزانی ساڵ لەسەر ئاستی ئینگلتەرە لە ساڵی (٩٤-٩٦-٩٧).



# کوردستان ئامادەیە بۆ پێشوازی کردن

دوای ئەوەی هەفتەی رابردوو لە هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستان کۆتایی بە یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی لاوانی ئاسیا کۆمەڵەی سێیەم هات کە تیاییدا شەش هەڵبژاردە بەشدارییان تیایدا کردبوو ئەوانیش هەریەکە لە (عێراق – سعودیە – کوێت – هیند – ئەفغانستان – عومان ) لەم کۆمەڵەیە هەردوو هەڵبژاردەی عێراق و سـعودیە توانیان سـەرکەوتن بۆ جامی مسـۆگەر بکەن، بەڵام گرنگترین شت لەم میواندارییە کوردسـتان توانی بە جوانترین شـێوە ئەم پاڵەوانیەتیە رێك بخات لە هەمان کاتدا رێزدار نێچیرڤان بارزانی دووبارە سـەلماندی کە خەمخۆری هەموو وەرزشـوانانە دوای ئەوەی بڕی (٦٠٠) هەزار دۆلاری بۆ بەرێوە بردنی ئەم پاڵەوانیەتیە تەرخان کرد،بەمەش کوردستان توانی بسلمێنی بە وتەی میوانەکانی کوردستان کە ئامادەیە پاڵەوانیەتی گەورەتر لە داهاتوو میوانداری بکات، ئێمەش بە پێویستمان زانی راوبۆچوونی سەرۆك شاندەکانی هەڵبژاردەکان وەربگرین بۆ ئەوەی سەرنج و تێبینی خۆیان دەرباری کوردستان بڵێن.

راپۆرت: رێبین رەمزی
rebin1985@yahoo.com



# لە گەورەترین پاڵەوانیەتییەکانی ئاسیا

**سەرەتا جێگری سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی عێراق ناجح حمود خۆشحاڵی خۆی بە سەرکەوتنی ئەم پاڵەوانیەتیە دەربڕی و گوتی:** هۆکاری سەرکەوتنی ئەم پاڵەوانیەتیە بۆ حکومەتی هەرێم کوردستان بە تایبەتی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی دەگەڕێنمەوە کە بە هەموو شێوەیەک پاڵپشتی لە ئێمە کرد و هەموو شتێکی بۆ دابین کردین، دواتر دەستخۆشی لە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دەکەم کە هەموو شتێکی خستە سەر ئەستۆی خۆی و بە جوانترین شێوە ئەم پاڵەوانیەتیەی ڕێکخست، لە هەمان کاتدا سوپاسی یانەی هەولێر دەکەم کە هەموو شتێکی بۆ دابین کردین کە گرنگترینیان یاریگای نێودەوڵەتی شەهید فرانسۆ هەریری بوو کە میوانداری هەموو یارییەکانی ئەم پاڵەوانیەتی کرد، من زۆر خۆشحاڵم کە کوردستان توانی بەم شێوەیە ئەم پاڵەوانیەتیە ڕێک بخات سەلماندی کە ئامادەیە بۆ میوانداری کردنی هەر پاڵەوانیەتیەک و خۆشحاڵیەکەمان زیاتر بوو کاتێک هەڵبژاردەی لاوانی عێراق توانیان پلەی یەکەم مسۆگەر بکەن و سەربکەون بۆ جامی لاوانی ئاسیا ئەمەش بۆ ماندووبوونی دەستەی ڕاهێنەران و یاریزانەکان دەگەڕێتەوە و یەکێتی تۆپی پێی عێراق هەموو شتێکی بۆ ئەم هەڵبژاردەیە دابین کرد، جەماوەری وەرزشی هۆکارێکی سەرەکی ئەم سەرکەوتنە بوو هەرچەندە جەماوەر بەم ڕێژە زۆرە ئامادەی یارییەکان نەدەبوون، بەڵام ئامادەبوونیان بووە هۆکارێکی گرنگ سەرکەوتنی ئەم پاڵەوانیەتیە.

**دواتر سەرۆک شاندی هەڵبژاردەی سعودیە عەبدوڵڵا موسەیلەخ دەربارەی میوانداریکردنی کوردستان بۆ ئەم پاڵەوانیەتیە گوتی:** ئەوە ناشارمەوە پێش بێنە کوردستان ئێمە گومانمان لە بارودۆخی ئەمنی کوردستان هەبوو دوای ئەوەی پەیوەندیمان بە چەند لایەنێک کرد بۆ ئەوەی بە تەواوی لە ئارامی هەولێر دڵنیابین، کاتێک هەر لە فرۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی دابەزین هەستمان بە دڵنیایی و ئاسوودەیەکی زۆر کرد و لە کوردستان هەستمان بە تەنیایی نەدەکرد وا هەستمان دەکرد کە ئێمە لە نێو خزم و دۆستانی خۆمان داین، هەست دەکەم کوردستان کاری لەوە گەورەتر و زیاتری لە بەردەم ماوە، هەولێر تەنیا پێویستی بە نۆژنکردنەوەی یاریگا هەیە ئەگینا بۆ ئەنجامدانی هەر پاڵەوانیەتیەک یاخود ئۆردوگای مەشقی زۆر گونجاوە، لە ڕووی ڕێکخستنی ئەم پاڵەوانیەتیە کوردستان زۆر سەرکەوتوو بوو هەموو شتێکیان بۆ شاندە بەشداربووەکان دابین کردبوو و هیچ کێشەیەک لەم چەند ڕۆژە ڕووی نەدا، هیوادارم جارێکی تر بگەڕێینەوە کوردستان بۆ ئەوەی لە پاڵەوانیەتی تر بەشداری بکەین.

**پاشان سەرۆک شاندی هیند ئەنگۆر دۆتا لە هەمان کاتدا جێگری سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی هیندە دەربارەی کوردستان بەم شێوەیە هاتە ئاخافتن:** کوردستان زۆر ئارامە لە هەموو لایەنێکەوە ئەوەی زیاتر سەرنجی ڕاکێشام لە کوردستان بە تایبەتی هەولێر ئەوە بوو، کە خەڵکی شاری هەولێر زۆر تامەزرۆی هونەر و فیلمی هیندین ئەمە شتێکی زۆر سەیر بوو بۆمان، هەرچەندە نەمانتوانی بۆ جامی ئاسیا سەربکەوین، بەڵام زۆر خۆشحاڵین کە هاتینە کوردستان و ئەم پاڵەوانیەتیە زۆر سەرکەوتووانە کۆتایی هات و هەوڵ دەدەین لە ئایندەیەکی نزیکدا یانەکانی هیند و هەڵبژاردەکانی هیند بێنە کوردستان بۆ ئەنجامدانی یاری دۆستانە و ئۆردوگایی مەشقی چونکە کەش و هەوای کوردستان زۆر گونجاوە بۆ ئۆردوگای مەشقی لە هەمان کاتدا زۆر ئارامە و هەولێر شارێکی زۆر خۆش و جوانە.

**دواتر سەرۆک شاندی عومان سەیف جابری دەربارەی کوردستان گوتی:** هیچ زانیارییەکمان لەسەر کوردستان نەبوو، بۆیە پێش ئەوەی بینە کوردستان لەگەڵ کەس و کاری یاریزانەکان کۆبووینەوە بۆ ئەوەی ڕاوبۆچوونی ئەوانیش وەربگرین، بەڵام کە هاتینە کوردستان زۆر شتمان لا گۆڕا کاتێک ئەو پێشوازییە گەرمەی لە ئێمە کرا هیچ ترسێکمان نەما لە یەکەم ڕۆژەوە هەستمان بە ئارامی کرد و یاریزانەکان زۆر خۆشحاڵ بوون و تەنیا بیریان لە یارییەکانی پاڵاوتن دەکردەوە و کوردستان زۆر ئارامە و یاریزانەکان هەموویان خۆشحاڵن لە کوردستان، لە ڕووی ڕێکخستن ئەم پاڵەوانیەتیە سەرکەوتنێکی گەورەی بە دەستهێنا بە جوانترین شێوە ئەم پاڵەوانیەتیە ڕێکخرا بۆیە شاری هەولێر لە ڕووی ڕێکخستن زۆر سەرکەوتوو بوو، بڕوام وایە لە داهاتوویەکی نزیکدا کوردستان دەتوانێ هەموو خول و پاڵەوانیەتیەکی گەورە میوانداری بکات.

**دواتر سەرۆک شاندی کوێت دەربارەی میوانداریتی کوردستان گوتی:** سەرەتا دەمەوێ بڵێم هەر لە یەکەم ڕۆژەوە کە بڕیاردرا کە کوردستان میوانداریەتی ئەم پاڵەوانیەتیە بکات، بڕیارمان دا بەشداری تیایدا بکەین بۆ ئەوەی دووبارە یارییەکان بگەڕێتەوە عێراق و ئەم گەمارۆ وەرزشیە لەسەر عێراق هەڵبستێ، هەرچەندە هەڵبژاردەی لاوانی کوێت نەیتوانی سەربکەوێت بۆ جامی لاوانی ئاسیا، بەڵام خۆشحاڵین کە کوردستان توانی بە جوانترین شێوە میوانداریتی ئەم پاڵەوانیەتیە بکات و لە ڕووی ڕێکخستن سەرکەوتنێکی یەکجار گەورە بە دەستبهێنێت، لەم پاڵەوانیەتیە کوردستان سەلماندی کە شایستەی میوانداری کردنی پاڵەوانیەتی گەورەترە لەسەر ئاستی ئاسیا و هیوادارم پاڵەوانیەتیەکان دووبارە بگەڕێتەوە عێراق بە تایبەتی کوردستان کە کەش و هەوای زۆر گونجاوە بۆ ئەم جۆرە پاڵەوانیەتیانە.

**لە کۆتاییدا سەرۆک شاندی ئەفغانستان عەبدولبسیر قەیومی گوتی:** هەردوو میللەتی کوردستان و ئەفغانستان زۆر ستەمیان لێ کراوە بۆیە هەردووکیان زۆر لە یەک نزیکن زۆر خۆشحاڵین کە هاتینە کوردستان و ئەم پاڵەوانیەتیە لە هەولێر ئەنجامدرا لە هەموو ڕوویەکەوە ئارامە و گونجاوە و هیچ کێشەیەکی نییە زۆر سوپاسی حکوومەتی هەرێم کوردستان بە تایبەتی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی دەکەم کە بایەخێکی یەکجار زۆر بە هەڵبژاردەی ئەفغانستان داوە و هەموو ئاسانکارییەکی بۆ کردووین و لە هیچ شتێک کێشەمان نەبوو، زۆر سوپاسی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دەکەم کە لە هەموو هەڵبژاردەکانی تر زیاتر بایەخی بە ئێمە دەدا ئەمەش بووە جێگای خۆشحاڵیمان و هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیکدا هەردوو هەڵبژاردەی ئەفغانستان و کوردستان لە یارییەکی دۆستانە یاری بکەن.













## دوای ڕکابەری

# ٣٢ هەڵبژاردە بلیتی سەرکەوتنیان بەدەستهێنا

دوای زیاتر لە (٢) ســاڵ لە یارکردن و ڕکابەری لە گشــت کیشوەرکانی جیهان بۆ مسۆگەر کردنی (٣٢) بلیــت بۆ جامی جیهانــی (٢٠١٠) کە بۆ یەکەم جار لە کیشــوەری ئەفریقیا ئەنجام دەدرێت لە وڵاتی باشووری ئەفریقیا لەم مۆندیالە چەندین هەڵبژاردە زلهێزەکانی جیهان بەشداری ناکەن دوای ئــەوەی لــە یارییەکانی پاڵاوتن شکســتیان هێنا ئەمەی خــوارەوەش خوێندنەوەیەك لــە هەڵبژاردە سەرکەوتووەکان بۆ مۆندیال لە گشت کیشوەرکان.

### کیشوەری ئاسیا

لە ئاســیا چەندین ئەنجامی چاوەڕوانەکراو ڕوویدا کە تیاییــدا زۆربەی هەڵبــژاردە گەورەکانی ئەم کیشــوەرە نەیانتوانی ســەرکەون بــۆ مۆندیاڵ بە تایبەتــی هەڵبژاردەی ســعودیە بــۆ یەکەم جار دوای (١٨) ســاڵ بەشــداری لە مۆندیال ناکات ئەمەش شکســتێکی زۆر گەورە بوو بۆ سعودیە، لە هەمــان کاتــدا پاڵەوانی ئاســیا هەڵبژاردەی عێراق ئەنجامەکانــی چاوەڕوانەکراو بوو هەر زوو لە ڕکابەرییەکانی مۆندیال چووە دەرەوە، بە هەمان شــێوە هەڵبژاردەی ئێران نەیتوانی بگاتە مۆندیال لە دوا ســاتەکان ماڵئاوایی کرد، بەڵام هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی کۆریای باکوور و کۆریای باشــوور و ئوســترالیا و ژاپــۆن توانیان چــوار بلیتی ئەم کیشوەرە بۆ خۆیان مســۆگەر بکەن، وا چاوەڕوان دەکرێت هەڵبژاردەکانی کۆریای باشوور و ژاپۆن و ئوسترالیا ئاستێکی باش لە مۆندیال نیشان بدەن و کێشە بۆ زۆربەی هەڵبژاردەکان دروست بکەن، بەڵام هەڵبژاردەی کۆریای باکوور بە خەونی بەشــداری کردنیان لە مۆندیالــی (١٩٦٦) دەژین کاتێك لەم مۆندیالە توانیــان چەندین ئەنجامی چاوەڕوانەکراو بە دەســتبهێنین و لە هەڵبژاردە گەورەکانی جیهان بباتەوە وەکو ئیتالیا، ئایا دەبێ ئەم چوار هەڵبژاردەیە هیچ ئەنجامێکی باش بە دەســتبهێن لە مۆندیالی (٢٠١٠)، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش دەبێ چاوەڕوانی دەستپێکردنی جامی جیهانی بکەین.

### کیشوەری ئەفریقیا

لــە ئەفریقیا شــەش هەڵبژاردە بەشــداری دەکات دوای ئەوەی هەڵبژاردەی ئەفریقیای باشوور یەکەم هەڵبژاردە بوو کە سەرکەوتنی بۆ مۆندیال مسۆگەر کردبوو بەهــۆی میوانداریکردنی ئەم پاڵەوانییەتیە، بــەڵام ڕکابەرییەکی یەکجار بەهێــز هەبوو لە نێوان گشــت هەڵبژاردەکان بۆ مســۆگەردنی بلیتێك بۆ مۆندیــال کە تیاییدا هەڵبــژاردەی گانا و نێجیریا و کامیرۆن و ســاحیل ئەلعاج و جەزائیر سەرکەوتن بۆ مۆندیــال، هەڵبژاردەکانی کامیرۆن و ســاحیل ئەلعــاج و گانا بە بێ کێشــە توانیان ســەرکەون بۆ جامی جیهانــی، بەڵام هەڵبــژاردەی نێجیریا دوای ڕکابەرییەکــی زۆر لەگــەڵ تونس لە دواین ساتەکاندا سەرکەوتنی بۆ مۆندیال مسۆگەر کرد و هەڵبژاردەی تونس دوورخرایەوە، بە هەمان شــێوە لە یارییەکی مێژووییــدا کە هەموو جیهان چاوەڕوانی ئەم یارییــەی دەکرد هەڵبــژاردەی جەزائیر دوای ڕکابەری و ململانێیەکی بەهێز توانی لە میسر بباتەوە ســەربکەوێت بۆ مۆندیال دوای یارییەکی بەهێز لە نێوان هەردوو هەڵبژاردە، هەڵبژاردەی جەزائیر توانی دوای (٢٦) ســاڵ دووبارە سەربکەوێت بۆ مۆندیال ئەمەش خۆشیەکی زۆری خستە نێو دڵی جەماوەری جەزائیر لە هەموو جیهان جەزائیریەکان و ئاهەنگیان گێڕا، لە لایەکی تــرەوە هەریەك لە هەڵبژاردەکانی تۆگۆ و ئەنگۆلا و مەغریــب و تونس نەیانتوانی ســەربکەون بۆ مۆندیال ئەمەش شکســتێکی زۆر گەورەیە، بەڵام گشــت هەڵبژاردە ســەرکەوتووەکان زۆر بەهێزن و خــاوەن مێژوویێکی زۆرن چاوەڕوانی ئەنجامی باشیان لێ دەکرێت لە مۆندیال.

### کیشوەری ئەمریکای باشوور

لە ئەمریکای باشوور وەکو پێشبینی دەکرا زۆربەی هەڵبژاردە گەورەکان ســەرکەوتنیان بــۆ مۆندیال مســۆگەر کرد وەکــو هەڵبژاردەکانــی ئەرژەنتین و بەرازیــل و چیلــی و پارەگــوای و ئۆرگوای، ســەرەتا باســی هەڵبژاردەی بەرازیل دەکەین لەم پاڵاوتنە ئاستێکی زۆر باشی نیشاندا بووە جێگای سەرسامی گشت چاودێران بە بێ ڕکابەر سەرکەوت بۆ مۆندیال، بەڵام ئەوەی جێگای ســەرنجە ئاستی هەڵبــژاردەی چیلی بوو، لەم پاڵاوتنە ئاســتێکی یەکجار بەهێزی نیشــاندا و کێشەی بۆ هەڵبژاردە زلهێزەکانی ئەم کیشوەرە دروست کرد توانی بلیتێك لە مۆندیال مسۆگەر بکات، بەهەمان شێوە هەڵبژاردەی پارەگوای ئاســتێکی باشی لەم پاڵاوتنە نیشاندا و توانی سەرکەوتن بە دەســتبهێنێت بگاتە مۆندیال، بەڵام ئاســتی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین جێگای داخە لە دواساتەکان سەرکەوت بۆ مۆندیال دوای ئەوەی هەرەشــەی بەشــدارینەکردنی لێدەکرا، بۆیە دیگۆ مارادۆنا پێویستە کارێکی یەکجار زۆر ئەنجام بدات بۆ ئەوەی هەڵبــژاردەی ئەرژەنتین بگەرێتەوە ئەو



## ـــيەكی بەهێز

# ــــان بۆ مۆندیالی (٢٠١٠) مسۆگەر کرد

ئاست جوانە کە هەردەم لە یارییەکان نیشانی دەدا، دواین هەڵبژاردە سەرکەوتووەکان بۆ جامی جیهانی هەڵبـــژاردەی ئۆرگوای بوو، کـــە توانی لە یاری پاشکۆ لە هەڵبژاردەی کۆستاریکا بباتەوە و بلیتی پێنجەم بۆ کیشوەری ئەمریکای باشوور مسۆگەر بکات، هەردەم هەڵبژاردەکانی ئەرژەنتین و بەرازیل پاڵێوراون بۆ بە دەستهێنانی جامی جیهانی.

### کیشوەری ئەوروپا

لـــە ئەوروپا (١٤) هەڵبژار دە توانیان ســـەربکەون بـــۆ جامی جیهانی ئەوانیش هەریەکە لە (هۆڵەندە – ئیســـپانیا – ئینگلتەرە – دانیمارك – ئەڵمانیا – ســـربیا – ئیتاڵیا – سویســـرا – سلۆ فاکیا – یۆنان – سلۆڤینیا – پورتوگال – فەرەنسا )بوون، هەرچەنـــدە هەڵبژاردەکانی ئیســـپانیا و ئەڵمانیا و ئیتاڵیـــا و ئینگلتەرە و هۆڵەندە بە بێ کێشـــە توانیان سەربکەون بۆ مۆندیال و ئاستێکی یەکجار بەهێزیـــان نیشـــاندا، دەبنـــە پاڵێوراوێکـــی بەهێز بـــۆ رکابەری کـــردن لە بەدەســـت هێنانی جامی جیهانی، کەچی هەردوو هەڵبژاردەی پورتوگال و فەرەنســـا بە یارییەکانی پاشکۆ سەرکەوتن دوای ململانێکی زۆر بە تایبەتی هەڵبژاردەی فەرەنســـا کە ئاســـتی وەکو پێویســـت نییە لـــە یارییەکانی پاشـــکۆ زۆر بە زەحمەتی ســـەرکەوت بۆ جامی جیهانی، دۆمینێك دەبـــێ گۆرانکارییەکی تەواو لە چۆنیەتی یارییەکردنـــی هەڵبژاردەکەی بکات بۆ ئەوەی لە جامی جیهانی هەڵبژاردەی فەرەنسا بە ئاستێکی باشـــتر یاری بکات، هەڵبژاردەکانی سویسرا و ســـلۆ فاکیا و سلۆڤینیا و سربیا و یۆنان و دانیمارك دەســـتکەوتێکی مێژووی و گەورەیە کە توانیان ســـەربکەون بۆ جامی جیهانی رەنگە کێشە بۆ هەڵبژاردە گەورەکان دروست بکەن.

### کیشوەری ئەمریکای ناوەراست و باکوور

لـــە ئەمریـــکای ناوەڕاســـت و باکوور هەر ســـێ هەڵبـــژاردەی ئەمریـــکا و مەکســـیك و هندۆراس توانیان سەربکەون بۆ مۆندیال، هەڵبژاردەی ئەمریکا ئاستێکی یەکجار بەهێزی نیشاندا لەم پاڵاوتنە توانی سەربکەوێ بۆ جامی جیهانی وا چاوەروان دەکرێت هەڵبژاردەی ئەمریکا لە جامی جیهانی ئاســـتێکی یەکجار بەهێز نیشـــان بدات ببێتـــە تەواوکەری ئەو ئاســـتەی کە لە جامی کیشـــوەرەکان نیشانی دا، هاندەران هیـــوادارن هەڵبژاردەی ئەمریکا لە جامی جیهانی دەســـتکەوتێکی مێژووی بە دەســـتبهێنێت بۆ ئەوەی بســـلمێنن کە تۆپی پێی لە ئەمریکا لە پێشکەوتن دایە، لە لایەکی دیکەوە هەرچەندە ئاستی لە سەرەتای دەستپێکردنی یارییەکانی پاڵاوتن وەکو پێویســـت نەبوو، بەڵام هەڵبژاردەی مەکسیك توانی لە دوا یارییەکانی پاڵاوتن جێگای خۆی لە جامی جیهانی بکاتەوە دوای ئەوەی لە یارییەکی مێژووی لە هەڵبژاردەی ئەمریکای بردەوە مەکســـێك پشـــت بە یاریزانی لاو جیۆڤانی دۆس ســـانتۆس دەبستێت لە زۆربـــەی یارییەکان رزگارکـــەری هەڵبژاردەی مەکســـیك بوو، وا چاوەروان دەکرێت مەکســـیك لە جامی جیهانی ئاستێکی باشتر نیشان بدات، بەڵام هەڵبژاردەی هیندۆراس ئەنجامێکی چاوەروانەکراوی تۆمار کرد دوای ئەوەی توانی بلیتی سەرکەوتن بۆ مۆندیال مســـۆگەر بکات و بـــە پێش هەڵبژاردەی کۆستاریکای بەهێز و پاڵێوراوی سەرەکی بکەوێت بگاتە مۆندیال ئەمەش دەستکەوتێکی مێژوویە بۆ ئەم وڵاتە و هیواداره لە یارییەکانی جامی جیهانی ئاســـتێکی باش نیشـــان بدات ببێتە بەربەست بۆ گشت هەڵبژاردەکان.

### کیشوەری ئۆقیانوسیا

دوای ئەوەی هەڵبژاردەی ئوستralیا چووە کیشوەری ئاسیا توانی سەربکەوێت بۆ جامی جیهانی، رێگا بۆ هەڵبـــژاردەی نیوزلەندە فروان بـــوو بۆ ئەوەی خەونی سەرکەوتن بۆ جامی جیهانی بە دەستبهێنێت و لە یاری پاشـــکۆ توانی لە هەڵبژاردەی بەحرێن پاڵێوراوی ســـەرەکی بباتەوە بۆ جـــاری دووەم لە مێـــژووی خۆیدا هەڵبژاردەی نیوزلەندە گەیشـــتە مۆندیال، بەڵام ئەم هەڵبژاردەیە هیچ شـــتێکی لێ چاوەروان ناکرێت، چونکـــە هەڵبژاردەی نیوزلەندە ئاستی بەهێز نییە، تەنیا بۆ بەشداری کردن دەچێتە مۆندیالی ئەفریقیای باشوور.

### ئەمەی خوارەوەش هەڵبژاردە ســـەرکەوتووەکانن بۆ جامی جیهانی (٢٠١٠) بۆ ئەفریقیای باشوور

( ئەفریقیای باشـــوور – گانا – ساحیل ئەلعاج – نێجیریـــا – کامیـــرۆن – جەزائیر – ژاپۆن – ئوســـترالیا – کۆریای باکوور – کۆریای باشوور- هۆڵەندە – ئیســـپانیا – ئینگلتەرە – دانیمارك – ئەڵمانیا – سربیا – ئیتاڵیا- سویسرا – سلۆ فاکیا – یۆنان – ســـلۆڤینیا – پورتوگال – فەرەنســـا – ئەمریکا – مەکسیك – هندۆراس – نیوزلەندە – بەرازیل – پارەگوای – ئۆرگوای – ئەرژەنتین – چیلی ).